# ئایا سەرهەڵدان و سەرکەوتنی حزبێکی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٦دا نیشانەی تێکشکانی سیکولاریزمی کەمالیستیی بوو؟

ن: د. ماهر عەزیز
و: مستەفا غەفور

بابەتی ئەم پرسە دوولایەنی هەیە:
یەکەمیان راڤە کردنی هۆکارەکانی ئەم سەرهەڵدان و سەرکەوتنەی حزبی رفاه لەتورکیا.
دووەمیان تیشك خستنە سەر بیچم و رووکارە بەجیاهەڵکەوتووەکانی سیکۆلاریزمی کەمالیستی.
لێرەدا هەوڵدەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتییە بدەمەوە: تاکوێ ئیسلام دەتوانێ هەڕەشە لە سیکۆلاریزمی کەمالیستی تورکیا بکات؟
من جەخت دەکەمە سەر پرۆسەی ئاڵۆزی کارلێکی نێوان سیکۆلاریزمی کەمالیستی کە بەناخی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تورکدا چۆتە خوارێ و ئەو ئایدۆلۆجییە ئیسلامییەی کە نوێنەرەکەی بە پارتی رەفاه ناودەبرێ.
من پێم وایە ژیانەوەی ئیسلامیی تورکی نەك هەر دوورە لە ئارەزووی نەریتی گەڕانەوە بۆ (سەردەمی زێڕین)، بەڵکو دەبێ سەرهەڵدانی سیاسی پارتی رەفاه وەك خەباتێکی سیاسی سەیر بکرێ بۆ وەدەستهێنانی دەسەلاَت لە رێگەی کارلێکی هاوبەش لەهەل و مەرجی گۆڕاوی پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەییدا. جگە لەوە هەردوو ئایدۆلۆجی سیکۆلاریزم و ئیسلامی بنەماکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپڕاتۆری عوسمانی. با بزانین چۆن؟ لەگەڵ جیاوازی نەتەوەیی و دینی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی، ئایدۆلۆجی شەرعی لە پێکهاتەی هێزی دەسەلاَتی عوسمانی لە سەراوان و بناوانی سەدەی نۆدەهەمدا، ئیسلام بووە.(س، ماردین ١٩٨٩).
هەروەك ماردین ئاماژەی پێکردووە، زنجیرەیەك چاکسازی لە ساڵەکانی (١٨٣٩ــ١٨٧٩) بەئەنجام گەیشت کە بە تورکی ناسراوە بە (تەنزیمات ڕیفۆرمی

سوڵتان عەبدولمەجید)، ئەمەش یەکەمین گۆڕانکاری دامەزراوەیی ئیمپراتۆری بوو بەرەو سیکۆلاریزەکردن. ئیسلام بوو بە چەکێکی ئەو بەرهەڵستکارانەی دەرکیان بەوە کردبوو کە ئەم گۆڕانکارییە لە بونیادی دەوڵەتدا لەسەر هێڵی خزانی کاریگەری بیانی و ڕۆژئاوایە بۆ ناو دەسەڵاتی تورکیا. بەپێی وتەکانی ماردین بەسیاسیکردن و بەئایدۆلۆجیکردنی ئیسلام لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەلامێك بوو بۆ گەشەسەندنی هێزی سیاسیی دەسەلاتی عوسمانی. سەرەڕای ئەوەش لە دەورانی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٨-١٩٠٨) چەمکی ئیسلامیی عوسمانلیزم بووە بە ئایدۆلۆجی میللی. لە ڕاستیدا سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵیدا بۆ پەرەپێدانی ئایدۆلۆجییەکی ئسلامیی نەتەوەگەرای عوسمانی (پان ئیسلامیزم)، بەلام سەرنەکەوت.

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بوارەدا لەمەڕ پێڤاژۆی بێهودەیی عوسمانیزم، دەستەیەك ڕۆشنبیر لە ١٨٨٠ کاندا سەریانهەڵدا کە بە لاوانی تورك ناسران، ئەوانە بانگەشەی ئەلتەرناتیڤێکی ستراتیژییان دەکرد بۆ گەشەپێدانی ئایدۆلۆجی نەتەوەیی (پان تورکیزم). سەرئەنجام وازهێنانی لاوانی تورك لە ئیسلامگەرای عوسمانی بەرهەڵستکاری دینی گەشەپێدا.

لەم ڕاڤەکردنەی سەرەوە دەردەکەوێ ڕۆڵی ئیسلام لەهەڕەشە کردن لەئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە گۆڕا بۆ ئامرازێکی سیاسی بەسوود، واتە بەپێچەوانەوە سیاسەت بەسەر ئیسلامدا بوو بەبالادەست. ئیسلامی تورکی بە بەراورد لەگەڵ ئیسلامی ئێران و میسر، بوو بە ئایدۆلۆژیی بێهاوتا. وەك زوبێدا دەڵێت ئیسلامی تورکیو ناسیۆنالیزمی تورکی لە بەرگێکی ناوازەو بێهاوتادا پێکەوە گرێدران.

ئەم یەکبوونە لەگەڵ ئەوەشدا دەرئەنجامێکی مێژوویی و پێناسەی خۆی هەبوو زوبێدا بەهەق ئاماژە بەوەدەکات فاکتەری بەرجەستەی دروستکردنی ئیسلامی تورکی کە لەگەڵ هەر شوێنێکی تر جیاوازە، سیکۆلاریزمی کەمالیستییە کە کۆنترۆڵی دینی کردووە (زوبێدا ل١٠ ١٩٩٦) واتە ئیسلامی لە گوتاری سیاسی وەلاناوە.

لە دەورانی تاك حزبیدا (١٩٢٥ـ١٩٤٥) بەتایبەتی لە ساڵەکانی ١٩٣٠ زنجیرەیەك ریفۆرم لەسیستمی سیاسیدا ئەنجامدرا کە چەمکی سیکۆلاری ناسیۆنالیزمی نەتەوەییان داڕشت (١).

لەکاتێکدا بانگەشەی ئیسلامی بۆ نەتەوەبوون لاواز بوو، نەتەوە سەر چاوەیەکی سەرەکی وەفاداری و هاوکاری و یەکگرتن بوو. لەپرۆسەکەدا واژەی (تورك) وەك زاتێکی مێژوویی جێگای موسڵمانی گرتۆتەوە، بەم پێیە بڕیاردرا ناسیۆنالیزم لەبری دین بخرێتەکار.

یەکەم سەرۆك کۆماری تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتۆرك کارێکی وایکرد دین کارو پەیوەندییەکی تایبەتی بێت، وەلێ پێشبینی نەکرد ئەنجامە کۆمەلایەتییەکان چ دەبن. ئەم ڕێکخستنەی دین وەك کارێکی تایبەت، وایکرد ئیسلام ببێ بە هەستێکی نوێ لە کۆمەڵگای تورکیدا (ماردین ١٩٨٩ل٢٢٩). سیاسەتی ڕیفۆرمی ئەتاتۆرك جەختی لەسەر بنیاتنانی ناسنامەیەکی نوێی گشتگیر دەکردەوە کە هیچ ڕۆڵێك نەدا بە دین.

هەروەها تاکەکەسی ئـازاد کـرد لـە ژیـانی نـەریتی گشتی، بە تایبەتی گەرەك یان شار کەژیانی ئاسـایی هاولاتی عوسمانی لەقالبدابوو.

ئەتاتۆرك نویخوازی لە بە رۆژئاوایی بووندا دەدۆزییەوە (ئـەویش بـێ لیبرالیـزم ودیموکراسـی)،جگەلـەوەش لەپراکتیکدا نویخوازی و بـەرۆژئاواییبوونی وەك یـەك شـت سـەیر دەکـرد. ئەمـەش رێگـەی بـۆ کـەمالیزم خۆشـکردکە سیـستمێکی ئۆپۆزیـسیۆن لـە فـەزای سیاسـی نیـشتیمانیدا پێکبهێنـێ. ناسـیۆنالیزمی سیکۆلار وەك نویخوازو رۆژئاواییگـەرا سـەیر دەکـراو چووە ناو پـرۆژەی دەولـەتی نەتەوەییـەوە، هەرشـتێك پەیوەنـدی بەئیـسلامەوە هـەبا بـە دواکـەوتوو کۆنەپەرستی و خۆرهەلاتی، بەدەر لـە نویخـوازی، لـە قەلەم دەدرا (ف، محەمەد١٩٩٤ل٥٤ـ٥٩).سەرئەنجام ئیسلام لە گۆرەپانی تـورکی پـەراوێز کـرا. تـەنیا لـە سـالی (١٩٤٥) و لـە رکابـەریتی سیاسـیی نێـوان حزبەکاندا زیندوو بۆوە.

لە سالەکانی دوای (١٩٤٥) بیرۆکەی دیموکراسی برەوی پەیدا کرد، چونکە ئیسلامگەراکان بانگەشەی ئـەوەیان دەکرد، سـیکۆلاریزم ئـامرازێکی کەمالیـستەکانە بـۆ وەلانانی ئیسلام لە دەڤەری میللی. لە سالی (١٩٤٩) دا، دەولـەت چـەند کۆرسـێکی ئیـسلامی بـۆ ئیمـام، وتاربیژانی مزگەوت، خوێندکارانی پەروەردەی ئیسلامی و قوتابخانەکانی سەرەتایی دانا، پارتی دیموکراتیش پـتر لەپارتی ئەتاتۆرك (واتە پارتی کۆماری) پەرەی سـەند. لـــە مـــاوەی فرەحزبـــی نێـــوان ســـالەکانی ١٩٥٠ـ١٩٦٠راببوونی ئیسلامی گـورو تینێکـی داپـە بـەرخۆ، بناغـەی خـۆی لەسـەر ژیـانی سیاسـی ئـارا دامەزراند و بنەما دینییەکان پتر کەوتنە گەر، ئەمەش بـەهۆی رۆلـی (پ. د) و تاکـە جێنـشینەکەی حزبـی عەدالەت.

لـە شێـستەکاندا رژێمـی میلیتـاری محافـەزەکار، ئیسلامی وەك هێزێکـی پەرچـەکرداری ئایـدیۆلۆجی دژی رەوتـــی پەرەســـەندنی هێـــزە دیمـــوکراتی و سۆشیالیستەکان خستەگەر (ف، ئەحمەد١٩٩١ل١١). نەجمەدین ئەربەکان سەرەتای کاری سیاسی لە سـالی ١٩٦٩دا دەســـپێکرد،کاتێك وەکـــو ئەنـــدامێکی سـەربەخۆ بـۆ پـەرلمان هەلبـژێردرا و رەخنـەی لـە هەژموونی رۆژئاوا گرت بەسەر تورکیادا. لـە سـالی ١٩٧٠دا پارتی نیزامی نیشتمانی کە دواتر بـوو بـە پارتی رزگاری نەتەوایەتی لە چـەند دەیـەی دواییـدا وەك تاکـە حزبیـك بـۆ بلاوکردنـەوی راشـکاوانەی سیاسەت و فەلسەفەی ئیسلامی سەریهەلدا. بـەپێی وتـەکانی ئەحمـەد لـە حەفتاکانـەوە بـۆ ناوەراسـتی هەشتاکان، ئەوە ئیسلام نەبوو بەلکو ئەوە سۆشیال ـ دیموکراسی بوو ژماوەیەکی دیاری گەنج و رۆشـنبیری بۆ لای خۆی راکێشا، لە بەرانبەردا (بەدەوری خـۆی) کاردانـەوەی تونـدی لەئەوپـەری راسـت وروژانـد. پێویستە جەخت لەسـەر ئـەوە بکرێتـەوە لـە سـالی ١٩٨٠دا بەتایبـەتی دوای سـەرکەوتنی شۆرشـی ئسلامی ئێران، ئیسلام بوو بە ئامرازی لاوەکـان بـۆ یەرەنگاربوونەوەی رژێمی میلیتاریستی تورکی.

مـــاردین بـــە دروســـتی ئامـــاژە بـــەوە دەکـــات کـــە کۆمەڵگای تورکی کۆمەڵگایەکە خەڵك بەپێوانەی ڕەهەندە دینییەکان هێزو هەڵویستی ژیانیان دژی دەسەڵات پێناسە دەکەن (ماردین ١٩٨٩ل ٢٢٧).

ئەو ڕەهەندە دینیانە ئەوسا ڕەهەندەی باڵای سیاسی و کلتوری ڕۆژهەڵاتی ناوین بوون لەوانە (دەڤەری تورکیا). بۆ پتر ڕوونکردنەوە زوبێدا دەڵێ: بەرژەوەندگەلێکی جیاوازو ناتەبا، بیرو بۆچوون، هەست و ئارەزووی جۆراو جۆر لەم ڕەهەندەدا خرانەڕوو کە جێگای سیکۆلاریزم و بیروڕای سیاسی دەیەکانی پێشووی گرتەوە (زوبێدا ١٩٩٣).

واپێدەچێ ئەمانە بووبنە پرسی حزبی ڕەفاه، لە ساڵی ١٩٨٧ دا کاتێك ئەربەکان بوو بە سکرتێر، حزبی ڕەفاه ڕۆڵێکی زۆر سستی لە هەڵبژاردنی٢٩ی نۆڤامبری ئەو ساڵەدا بینی و کەسیان نەیتوانی ئەندامێتی پەرلمان بەدەسبێنێ (ف، ئەحمەد ١٩٩١ل ١٧ـ١٨).

بەم چاوپێداخشاندنە مێژووییەی سەرەوە دەتوانم گوزارشت لەوە بکەم کە چۆن حزبی ڕەفاه سەریهەڵداو سەقامگیر بوو، چۆن توانی هێزی خۆی نیشانبدا و لە ساڵی ١٩٩٦تا حوزەیرانی ١٩٩٧ بۆ ماوەی دوانزە مانگ دەسەڵات بەدەستەوەبگرێت، چ هۆکارێك لە پشت ئەو پەرەسەندنە جەماوەرییەوە بوو؟ دادگای دەستووری بۆ لە کانونی دووەمی ١٩٩٨ دا بڕیاری داخستنی بارەگاکانی حزبی ڕەفاهی داو چالاکی سیاسی لە ئەربەکان و ژمارەیەك لە لایەنگرانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ قەدەغەکرد؟

تەنیا تاکە فاکتەر یان پڕۆسەیەك نییە ئەم دیاردەیە ڕوونبکاتەوە، بەڵکو فاکتەر گەلێکی جۆراوجۆری سیاسی ـکۆمەڵایەتی بەرێژەیەکی بەربلاو وەخۆ دەگرێت. باری ئابووری و ڕەهەندگەلی دەروونی بوو بەهۆی سەرهەڵدانی حزبی ڕەفاهی تورکی.

پلۆرالیزم (فرەحزبی) بە بۆچوونی زوبێدا ئاکارێکی دیاری سیستمی تورکییە: پارتە سیاسییەکان بە هەڵبژاردن جێگەی یەکتر دەگرنەوە، حزبی ڕەفاهیش بەتەواوی لەگەڵ ئەو سیستمەدا تێکەڵ بووە (زوبێدا ل١١). لەم خاڵانەی سەرەوە دەردەکەوێت حزبی ڕەفاه حزبێکی نوێ نییە لە سیاسەتی تورکیدا. لە ساڵی ١٩٦٠ بەدواوە لەژێر ناوی جیاواز کاری کردووە سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٩دا بەحزبی کاری نەتەوەیی دەستی پێکرد (ح،ك،ن) لە ساڵی ١٩٧٣دا ناوەکەی گۆڕی بۆ حزبی ڕزگاری نەتەوەیی، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٤ـ١٩٧٧دا لە چەندین هاوپەیمانی بەشداریکرد، یەکەمجار وەك پشکدار لە حکوومەتی سۆشیال دیموکراتەکان، دوایی لەگەڵ بەرەی نەتەوەیی باڵی ڕاست (م. کامرەوا. ١٩٨٨ل٢٨٦).

بەپێی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٧(وەك لەسەرەوە باسمکرد) حزبی ڕەفاه ٧,٥٪ دەنگەکانی پتر نەهێنا، کەچی دواتر شانسی گۆڕا، لە هەڵبژاردنی ١٩٩١ لە کۆی گشتی ٤٥٠ کورسی پەرلمان ٦٢ کورسی بەدەسهێنا، جگە لەوەش لە دێسامبری ١٩٩٥ ڕێژەی دەنگەکانی لە هەریەك لە حزبەکانی دیکە پتر بوو، گەیشتە ٢١,٥٪ [٢].

بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی حزبی ڕەفاه لە دوو هەڵبژردنەکەی دواییدا (کامرەوا) سێ فاکتەری گشتی پێکپەیوەستمان پێدەناسێنێ:

١- سروشتی سیستمی تورکیا کە دیموکراتیەکی درۆیینی وەخۆ گرتووە (سیستمەکە هەر بەناو دیموکراتییە) لە هاندانی دەنگدەران بۆ کارکردنە سەر پرۆسەی بەربلاوی سیاسی بە سەختی تێشکا.

٢- هۆی شکستی زۆربەی سیاسەتمەداران و پارتە سیاسییەکان لە دوای کودەتای ١٩٨٠ ئەوە بوو خۆیان لە جەماوەر دابڕی و پتر بایەخیان بە مانۆڕی سیاسی و دبلۆماسیی حزبگەرایی دەدا.

٣- توانای ڕێکخستن و بوونی بەرنامەیەکی (پلاتفۆرم)ی، کەڵکوەرگرتن لە تێشکانی حزبەکانی تر، بوو بەهۆی سەرکەوتنی حزبی ڕەفاه و هاندانی جەماوەر(مۆبالیزەکردنی) و وەدەسهێنانی پۆستی شارەوانییەکان وژمارەیەك شاری گرینگ (کامرەوا ل٢٩٩). جگە لەوە ڕەگ و ڕیشەی حزبی ڕەفاه و شان و شکۆی ئەربەکان و ئەو بەڵێنانەی دابوویان بەتایبەتی بە جووتیاران و چینەکانی خوارێ، ڕۆڵی وەرچەرخانی بینی لە هەڵکشانی جەماوەری ئەو حزبە.

زۆربەی زانایان لەسەر ئەو رایەبوون کە جەماوەریبوونی ڕەفاه وەك حزبێکی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئابووری و سیاسیی نەك ڕۆڵی دین لە ژیاندا. ڕێبازی سیاسیی ڕەفاه پتر بەسیستمێکی دادپەروەوە پەیوەستە نەك دەوڵەتی ئیسلامی. حزبی ڕەفاه لەناو نەوەی چینەکانی هەرە نەریتخواز، چینی مام ناوەندی، چینی کەم دەرامەتیش کە توخمێکی بێ سەروبەری ئابوورین، بەگورجی سەریهەڵدا (کامرڕەوا ل٣٠٠، زوبێدا ١٩٩٦ ل١٠٠، ئەحمەد،١٩٩١،ل١٧- ١٨).

بە وتەی ماردین ڕابوونی ئیسلام پێڤاژۆیەکی کۆمەلایەتی هەیە، ڕەمزگەلی ئیسلامی لە توانایاندایە خزمەت بەکەسێك بکەن کە بیەوێ ناسنامەیەك بۆ خۆی دروست بکا (ماردین ـ١٩٨٩ل٢٣٢).هەربەهەمان شێوە ئەحمەد ئاماژە بەوە دەکات کە ڕابوونی ئیسلامی هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی ناسنامەی ڕاستەقینە بۆ کەسایەتی تورکی (ف، ئەحمەد ١٩٩٤ل٢٢٠).

زوبێدا لە لێکۆڵینەوەکەیدا کە سەبارەت بە سیاسەتی تورکی لە ساڵی ١٩٩٥ ئەنجامی داوە، ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی تورکان بەگریمانەی زیاد دەرك بە ناکۆکی نێوان ئیسلام و کەمالیزم ناکەن، هەردووکیان بە تەواوکەری ناسنامەی نەتەوایەتی لە قەڵەم دەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی پشتیوانییەکی گەورەی هەڵبژاردن هەبوو بۆ ئیسلامیەکان، کەچی ڕێژەی بەرچاو(٤١٪)ی ئەو دەنگدەرانەی دەنگیان بۆ حزبی ڕەفاه دابوو، خۆیان بەسیکۆلار (لائیك) دەزانی (زۆبێدا ١٩٩٦ ل١٠). لە بەرانبەر ئەم تێڕوانینەی زوبێدا لەکۆی گشتی (١٦٠٠) پلەی وەزارەت و

بەڕێوەبەرایەتی گرینگ و ڕابەرایەتی ناوچەیی کارمەندانی پلە باڵا (٧٠٠)یان پشکی لایەنگرانی پارتی رەفاه بوون. هەروەها ریشەی قووڵی بنەماکانی ئیسلام لەناو سیستمی خوێندن چ وەك ناوەرۆکی کتێبەکان چ لەناو مامۆستایان، لە سیاسەتدا ڕەنگی دابۆوە. بەهەرحاڵ کاردانەوەی سیکۆلاریستەکان لە ساڵی ١٩٩٤ خاڵی وەرچەرخان بوو لە سیستمی فێرکردندا کە بە(شەریعەت) ناسرابوو، دەرئەنجامی ئەمەش بردنەوەی پۆستی پانزە وەزارەت بوو بۆ حزبە دینی و ڕاستڕەوەکان کە بەپێی پرۆگرامی (شەریعەت) بابەتەکانی بەسەر قوتابخانەو پۆستە نهێنییەکاندا دابەشکرابوون. حزبی رەفاه نەیدەویست ئیسلام لەبواری سیاسیدا پاوان بکات و کەرتە بەهێزەکانی بۆرژوازی تورکی ببینن شەریعەت وەك ڕایەڵکەیەك بە نەریتی ژیانیاندا ڕۆچووە. پەیڕەوکردنی شەریعەت وەك زوبێدا دەڵێ لە بارودۆخی تورکیادا برستی نەمابوو. بەتایبەتی بەرنامەی ئابووری تۆکمەی نەبوو بەڵکو کاردانەوە بوو بۆ ناجێگیری پارتە سیاسییەکان، گەندەڵی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت، تێشکانە بەرچاوەکانیان لە بواری گەشەسەندنی ئابووری و دادگەری کۆمەڵایەتی (زوبێدا١٩٩٦ ل١١).

ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە ئیسلام ببوو بە ڕێباز، هەندێك کەڵکیان لێوەردەگرت تا لەگۆشەگیری ڕزگار بن، لە ڕاستیدا ئیسلام ئەمڕۆ کاریگەرترە گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ دەیەکانی پێشوودا، ئەمەش بەئاشکرا لە شارە چکۆڵەکان و ناوچەکانی ئەنادۆڵ دەبینرێ. ئیسلام وەك زوبێدا ڕوونیکردۆتەوە لایەنگرەکانی زۆربەیان کۆچبەرو دانیشتوانی خانوچکەی دەوری شارەکانن، حزبی رەفاهیش وەك بەرپەرچدانەوەیەکی سیاسی دژی سیاسەتی کەمالیستی، سەرەڕایەڵدا، بۆگەشەکردن زەمینەیەکی بەپیتیشی لەنێو جوتیاران و گروپە بێسوودەکانی ناو پرۆژەی سیکۆلاریزمی کەمالیستدا دۆزییەوە.

لە ناوەڕستی ساڵانی ١٩٩٠حزبی رەفاه (وەك ڕێکخراوێکی ئیسلامی) لە هەموو شوێنێکی وڵات خزایە ناو کاری کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیا (مەبەست کوردستانی باکوورە- وەرگێر)، لەوێوە دەستیان بەبانگەشەی هەڵبژاردن و ڕێنوێنی کرد، لە هەر بۆنەیەکی بنەماڵەیی و گرفتێکی ئابووریدا یارمەتیان پێشکەش دەکرد، ئەمەیە بە وردی ئەو یارمەتیانەی ئەو دامەزراوەیە (کۆمەڵانی خەڵك) بۆ توێژی هەژار و چینی کەم دەرامەت کە بوو بەهۆی ئەوەی حزبی رەفاه پەرە بگرێت. ئەم تێکەڵ بوونە تا ئەو ئاستە بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی جەماوەری(ح، ڕ)، پاڵێوراوان وایان لە خۆیان کرد و پەیوەندییان لە گەڵ جەماوەر هەبێت و هەست بکەن دڵسۆزیانن.

سەرئەنجام هەرکەسێك بێ بڕوا دەکات کە سیکۆلاریزمی کەمالیستی وەك پرۆژەیەکی

نەتەوایەتی حکومەت پاشکۆی چاکسازی (تەنزیمات)ی سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیی، هەوڵدەدا وا وێنا بکا بەپۆشتەکردنی کلتووری ئەو ولاتە بە یونیفۆرم (جل و بەرگی بیانی)ی ناموٚ دەتوانێ جیاوازی نێوان دانیشتوانی شارو دێ، تورك و ناتورك، موسڵمان و ناموسڵمان لەناو بەرێ. لەم پرۆسەیەدا ئیسلام وەك پرۆژەیەکی دەرەکی بوو بۆ پرۆژەی نەتەوایەتیی حکوومەت.

بەئاشکرا لاوانی تورك بەسیکۆلاریزەکردنی تێکڕای دادگاکان، قوتابخانە و بنەماکانی تر هەوڵیان دەدا دامەزراوە سیاسییەکان لە شەرع و دین جیابکەنەوە. کەمالیستەکان بەپەراوێزکردنی خەلافەت و بنیاتنانی سیاسەتێکی توٚکمە، سیکۆلاریزمی ناسیۆنالیستی وەك ئایدۆلۆجییەکی هەلاوێردە هێشتەوە. دوای گواستنەوە بۆ قۆناغی فرەحزبی لە سیستمی سیاسیدا، ئیسسلام لە بۆتەی پێکهاتەی حکوومەتدا دەستیکرد بەتوانەوە.

من لەگەڵ زوبێدا هاوڕام کە ئیسلامی تورکی لەگەڵ ئیسلامی ئێران و میسر یەك نییە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ: بایەخی جیاجیا، ئاستی جیاوازی دامەزراوەیی لە سیکۆلاریزمی نمونەییدا، لە پرەنسیپی بازرگانی و پەیوەندییە بازرگانییەکان، لە بنەماکان، لە میدیاو چالاکییەکانی بواری رۆشنبیریدا.

لە تێکڕای ئەو خالانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرهەڵدانی حزبی رەفاه دەرئەنجامێکی پێویستی تێشکانی کەمالیزم بوو. ئاشکرایە کەمالیزم کۆنترۆڵێکی ژیانی دینی بوو نەك جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت. توێژی سیکۆلاریستی نائاسایی کۆمەڵگای تورکی، خەڵکی سیاسەتمەدار، دامەزراوەی میلیتاری زۆر بەپارێزبوون لە بەرنامەو نیازی حزبی رەفاه، چونکە هەڕەشەی لە پێکهاتەی دەسەلات دەکرد، سیکۆلاریزمی لە دەستوور وەلا دەنا، سیستمی میلیتاریش کە تاکە دامەزراوەیەکی متمانەپێکراو واتە سوپا بوو دەترسا لەوەی حکوومەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ، لەبەرئەوە دادگای دەستووری تورکیا حزبی رەفاهی قەدەغە کردوو ڕابەرەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە سیاسەت دووخستەوە.(وەك زوبێدا دەڵێ ٨٥٪ی سکالایەکانی دادگا لەلایەن سوپاوەبوو).

لەبەر ئەوە زۆر دژوارە وا وێنا بکرێ، سیکۆلاریزمی کەمالیستگەرا کە ڕەگ وریشەی بە کۆمەڵگای تورکی و ژیانی سیاسیدا ڕۆچووە بەئیسلامگەراییەو حزبێکی ئیسلامی سیاسی وەلابنرێ، بەتایبەتی حزبێکی وەك حزبی رەفاه کە سەرکەوتنەکانی لەو حقیقەتەوە سەرچاوە دەگرن، تاکە ئەلتەرناتیف بوو بۆ دەنگدەران کە حزبەکانی دیکەیان بە گەندەڵ لەقەڵەم دەدا.

## پەراویزەکان

(١) کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ دامەزرا، لە ساڵەکانی نێوان (١٩٢٤ــ١٩٣٤) یاساگەلێك لەلایەن ئەتاتۆرکەوە کە(خەلافەت)ی وەلانابوو دەرکرا، ڕێنووسی ئەلف و بێی عەرەبی لابردوو ئەلف و بێی لاتینی لە جێگا دانا، سیستمی قوتابخانەی دینی (حوجرەو فەقێیەتی) هەڵگرت، مافی یەکسانی دا بەئافرەت، هانی لابردنی پەچە و ڕووبەندی دا، دواتر ئایدیۆلۆجییەکی دارشت کە تورك نەك نارۆشنبیرن بەڵکو گەلێکن خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازین. بۆ زانیاری زێتر بڕوانە چاکسازییە نەتەوەییەکانی سیکۆلاری کەمالیستی (ف، ئەحمەد، ١٩٩٤بەشی ٤و٥ل٥٢ـ١٠١، هەروەها س. ماردین ١٩٨١).

(٢) ـ دەرئەنجامی هەڵبژادنەکانی ساڵی ١٩٩٥ بەم شێوە بوو: حزبی رەفاه ٢١,٥٪، حزبی دایکی نیشتنمان ١٩,٥٪، حزبی رێگای ڕاست ١٩٪، حزبی چەپی دیموکرات ١٤,٥٪، حزبی کۆماری گەل ١١٪، حزبە گچکەکانیش بەهەموویان ١٤,٥٪ دەنگەکانیان هێنا. بڕوانە (م، کامرەوا ١٩٩٨ ل٢٨٧).

## سەرچاوەکان

١- ئیسلام و سیاسەت لە تورکیای مۆدێرندا ف، ئەحمەد، ١٩٩١، لێکۆڵێلینەوەکان لەمەڕ ڕۆژهەلاّتی ناوین، قەبارەی (٢٧) ژمارە (١).
٢- سیاسەتی دیموکراتی درۆغین و ئەگەری جەماوەری (م. کامرەوا ١٩٨٨).
٣- سەرهەڵدان و تێشکانی حزبی رەفاهی تورکیا. لێکۆڵینەوەکان لەهەمبەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ـ٢٥ـ بریتش جۆرناڵ.
٤- ئیسلامی تورکی و ناسنامەی نەتەوایەتی ـ س، زوبێدا ـ راپۆرتی رۆژهەڵاتی ناوین راپۆرتی نیسان ـ حوزەیران.
٥- ئیسلام و جەماوەرو فەرمانڕەوایی ـ س، زوبێدا (١٩٩٦) ـ ئای،ب ـ تۆریس، لەندەن.
٦- دین و سیکۆلاریسم لەتورکیا ـ س ماردین (١٩٨١)
٧- ئیسلام و گەشەسەندنی سیاسی لە تورکیا ـ ب، تۆپراك.
٨- دین و گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتی لە تورکیای مۆدێرن ـ س، ماردین (١٩٨٩) ــ زانکۆی نیۆیۆرك.